# سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی (عیراق)

ئەمجەد شاکەلی

## – بەشی سێیەم —

بۆ بینینی بەشی یەکەم و دووەم

### هەڵوێستی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی لە هەمبەر کۆمۆنیستەکان و کەسانی دیکە لە سەردەمی پاشایەتیدا

وەک ئاشکرایە بیروباوەڕ بەبێ ڕەوشت ناکاتە هیچ[1]. سۆسیالیزم و ئاکاری چاک دوو شتن، لەتەک یەکدیدا دەژین و بەبێ یەکدی هەڵناکەن و ناتەواون. مرۆڤی چەپ و سۆسیالیست، ئەگەر بە ڕەوشت، چەپ و سۆسیالیست نەبوو، چەپانە و سۆسیالیستانە کاری نەکرد و، ئاکارێکی چەپانە و سۆسیالیستانەی نەبوو، ئەوا نەک هەر چەپ و سۆسیالیست نییە، بەڵکە ناڕاستگۆ و فریودەر و خائینیشە، بە بیری سۆسیالیزم و چەپ. ئەگەر ئاوڕێک لە ژیان و بۆچوون و ڕەوتار و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئیبراهیم ئەحمەد بدەینەوە، ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە، کە ئەو نەک هەر چەپ نەبووە و بڕوایشی بە چەپایەتی و سۆسیالیزم نەبووە، بەڵکە بە کردەوە دژایەتی ئەو جۆرە بۆچوون و دیتنانەشی کردووە. لە سەردەمی پاشایەتیدا، لە کاتێکدا کە بەشی زۆری خەڵکی عیراق، لە دەوری حیزبی کۆمۆنیستی عیراق کۆبووبوونەوە و خەباتیان دەکرد و مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ خەڵک هێندەی مەسەلەی چینایەتی و باری ئابووری و جڤاکی گرنگ نەبوو، دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستدا، دانوویان پێکەوە نەدەکوڵا و ددانی خێریان بە حیزبی کۆمۆنیستدا نەدەنا. شاگردە دڵسۆزەکەی ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، کە باسی کۆمۆنیستە عیراقییەکان —دەستەی ئەلقاعیدە (القاعدە) بە سەرۆکایەتیی سەلام عادیل، ڕایەت ئەششەغیلە (رایەالشغیلە) بە سەرۆکایەتیی جەمال حەیدەری و وەحدەت ئەششیووعیین (وحدەالشیوعیین) – دەکات بێجگە لەوەی هەڵوێستیانی پێ خراپە، بیروڕا و تێڕوانینەکانی هەمووشیان بە ڕاستڕەوانە دادەنێت و خۆیانی لەوان پێ چەپترە[2]. وەنەبێ ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی، بەتەنێ دژایەتی کۆمۆنیست و چەپەکانیان کردبێ، بەڵکە بەرانبەر خەڵکی دیکەی بێلایەن، ناودار، ناسراو، ڕووناکبیر و هی دیکەش، زۆرجاران هەڵوێستی نەیارانەیان هەبووە و بوختان و قسەیان بۆ هەڵبەستوون. یەکێک لەو کەسایەتییە ناسراو و کوردپەروەرانەی، کە ئیبراهیم ئەحمەد هەمیشە دژایەتی کردووە و بە خراپە باسی کردووە، ڕەفیق حیلمی بووە. ڕەفیق حیلمی و حیزبی هیوا، لە دنەدان و هاریکاریی ڕاپەڕینی بارزانییەکان و مەلا مستەفای بارزانی ١٩٤٢دا، ڕۆڵێکی لەبەرچاویان هەبوو. پاش ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی بارزانی بۆ عیراق "ڕەفیق حیلمی بەمە زۆر دڵخۆش بوو. ئومێدی بیرکردنەوە لە ئازادیی کورد لە چوارچێوەی حکومەتی دیموکراتیی تازەی عیراقدا لای زیندوو بۆوە، بەڵام ئیبرایم ئەحمەد، کە هەر لە ڕۆژانی پارتی هیواوە دژی ڕەفیق حیلمی و پارتی هیوا بوو، دەوروپشتی مەلا مستەفای دا و نەیهێشت لە ڕەفیق حیلمی نزیک بێتەوە. ڕەفیق حیلمی زۆر بە دڵسۆزییەوە دەیویست

1 لە کوردەواری خۆیشماندا بەو مەلایانەی، کە هەر بە قسە موسوڵمان بوون و بە کردەوەش شتێکی دیکە، دەیانگوت:"مەلای بێ عەمەل".
2 البارزانی..، البارزانی..،ل٢٠-٢٤.

www.kurdistannet.org
12-11-2002 0:45

یارمەتی مەلا مستەفا بدا...ئیبرایم ئەحمەد بەتەواوی دەستی گرتبوو بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان و مەلا مستەفادا و ڕێشی نەدا بەهیچ جۆرێک مەلا مستەفا و ڕەفیق حیلمی بگەن بەیەک"[3]. ئیبراهیم ئەحمەد هەر بەوەوە نەوەستاوە، کە نەهێڵی بارزانی و حیلمی یەکدی ببینن، بەڵکە لە ڕۆژنامەی خەباتیشدا دەکەوێتە ڕەخنە و تانووتدان لە ڕەفیق حیلمی، کە گویە حیلمی کورد نییە و تورکمانە[٤]. ئیبراهیم ئەحمەد هەر بەو خراپەباسکردنە بەرانبەر ڕەفیق حیلمی نەوەستاوە، بەڵکە گەرەکێتی ناویشی پەڵەدار بکات و وای بداتە قەڵەم، کە حیلمی نازیست بووە و لەژێر کاریگەریی واندا بووە. ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت:"بیرمە جارێک لە مایسی ١٩٤١دا کە بەهۆی ئینقیلاب ( (کودێتا) ) ڕەشید عالی گەیلانی و زابتە نەتەوەیی عەرەبەکانی سەر بە ئەڵمانەکانەوە، بانگ کرابوومەوە بۆ سەربازی وەک (زابتێکی ئیحتیات) و لەو کاتەدا لە کەرکووک بووم. ئێوارەیەک لەگەڵ کۆمەڵێ لە ئەفسەرە کوردەکانی دۆستم، کە زۆربەیان ئەندامی (هیوا) بوون لە ( (یانەی ئەفسەران) ) دانیشتبووین، لەپڕ مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەرکەوت و گشت زابتەکانیش بەرز بوونەوە هەر وەکوو ئەو (هیتلەر) و ئەوانیش سەربازی نازی بن، دەستیان هەڵبڕی و هەمو بە یەکدەنگ گوتیان ( (هەربژی سەرۆکی باڵا) ) بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بدەنە زابتە عەرەبەکانی دەوروبەریان و، هەتا ( (سەرۆکی باڵا) ) داوای دانیشتنی لێنەکردن دانەنیشتنەوە"[٥]. ئەو هەڵوێستانەی ئیبراهیم ئەحمەد و پێرەوانی زۆرجاران دووڕووانە بوون و لەگەڵ دیتن و بیروڕای خۆیشیاندا پێچەوانە بوون. دژایەتیکردنی شێخ لەتیفی حەفید و کاکەزیادی غەفووری و تەماشاکردنیان وەک دوو ئاغا و دەرەبەگ، هەر لە دەسپێکی دامەزراندنی پارتییەوە، لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانییەوە، چتێکی شاراوە نییە، کەچی لە دەرفەتێکی دیکەدا، وەک نیشانەیەکی دووڕوویی و ناڕاستی، جەلال تاڵەبانی، بۆ خۆبردنەپێشەوە لە بارزانی و پێشاندانی پایە و جەماوەریی پارتیی لە نێو خەڵکدا و شانازی بە

3 حیلمی، پرۆفیسۆر د. پاکیزە ڕەفیق، یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی مامۆستای کوردایەتی ڕەفیق حیلمی، ڕابوون، ژمارە٢٦، ١٩٩٩،ل٣٥.

٤ سەرچاوەی پێشوو،ل٣٥-٣٦. برادەرێکی کورد پێش چەند ساڵێک بۆی گێڕامەوە و گوتی:"کە خوێندکار بووم لە یەکێک لەو وڵاتە بەناو سۆسیالیستانەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، جاروبار دەچووینە جڤینی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و بەشداریی چالاکییەکانیانمان دەکرد. جارێکیان برادەرێکی کوردی کەرکووکی، کە حەزی دەکرد بەشداریی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بکات داوای لێکردم ئەگەر چووم بۆ ئەو دانیشتنانە لەگەڵ خۆمدا بیبەم. وا ڕێککەوت جارێکیان پێکەوە چووین. هەر کە دانیشتین و دانەنیشتین، یەکسەر مقۆمقۆ کەوتە نێو زۆرینەی ئەوانەی لەوێ بوون و ئەو زۆرینەیەش خەڵکی سلێمانی بوون. کەوتنە خێسەکردن لەو برادەرە و یەکێک گوتی ئەم بۆ هاتووە خۆ کورد نییە و یەکێکی دیکە گوتی ئەوە سێ مەوجە(واتە: سێ شەپۆلە و کوردی و عەرەبی و تورکمانی دەزانێت و قسەیان پێ دەکات. ئەو ناتۆرەیە زۆرجاران لەلایەن خەڵکی سلێمانییەوە بۆ خەڵکی کەرکووک بەکار دەبرێت) و ئەوی دی گوتی ئەمە تورکمانە و ئیدی ناخۆشیان کرد. ئەو برادەرەش هەڵسا و گوتی: من وەک کوردێک هاتم بۆ ئەوەی بەشداریی کار و چالاکییەکانتان بکەم و هاتم ببمە کورد و کوردایەتی بکەم، ئێوەش بەو شێوەیە تێم دەڕوانن. من نەمگوتووە دەبمە ئینگلیز یا فرانسایی یا ئەمەریکایی یا ئەڵمانی یا میللەتێکی پێشکەوتووی دیکە. باشە ئێوە چیتان بۆ مرۆڤایەتی کردووە، کە هێندە لەخۆ بایین. ئایا ئێوە چوونەتە بان مانگ؟ دەرمانی شێرپەنجە یا ئەسپرین یا پەنسلینتان دۆزیوەتەوە؟ چیتان کردووە و شانازی بە چییەوە دەکەن؟ ئەوا ئەو کوردایەتییەم هەر نەویست. ئیدی بە دڵشکاوی و تووڕەییەوە هۆڵەکەی بەجێهێشت و ڕۆیشت. تاوانی ئەو برادەرە تەنێ ئەوە بوو، کە خەڵکی کەرکووک بوو و لەبەر ئەوەی لە گەڕەکێکدا گەورە بووبوو و ژیا بوو، کە بڕێک کاریگەریی زمانی تورکمانیی لەسەر کوردییەکەی هەبوو و وەک خەڵکی سلێمانی قسەی نەدەکرد". شەوێکی لەگەڵ چەند دۆستێکدا لە قاوەخانەیەکی ستۆکهۆڵم دانیشتبووین، باسی سامی شۆڕش هاتە ئاراوە، کە چەند خۆگەهێن و هەلپەرستە، دوای ئەوەی، کە خۆی گەیاندبووە لای پارتیی دیموکراتی کوردستان و لەسەر گۆڕی بارزانی قسەی کردبوو، یەکێک لەو دۆستانە —کە سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو– گوتی: سامی شۆڕش عەرەبە و کورد نییە و باوکی عەرەبە. دیارە ئیبراهیم ئەحمەدیش بێجگە لە شێوەی دیکەی دوژمنایەتی و ناوزڕاندن، هەستی شارچێتی–چونکە ڕەفیق حیلمی خەڵکی کەرکووک بووە– لا بزاوە و ئەو چەکەیشی بەکار بردووە، بۆیە ڕەفیق حیلمی بە تورکمان دەداتە قەڵەم. لە بارزانی دەگێڕنەوە کە لە بەرسڤی پرسیارێکدا کە پێناسەی کورد چییەو کێ کوردە. گوتوویەتی: ئەو کەسەی هەست بە کوردبوونی خۆی بکات و خۆی بە کورد بزانێت، ئەوە کوردە.

5 ئەحمەد، ئیبراهیم، لە بیرەوەرییەکانم، گزینگ، ژمارە ١٣، پاییزی ١٩٩٦، ل٤٥.

www.kurdistannet.org
12-11-2002 0:45

ڕۆڵی خۆیان لەو بارەوە، فشە و خۆهەڵکێشان بە بوونی کەسانێکی"ئاغا و دەرەبەگ" و "پارێزگار و مەلازادە"وە دەکات لە نێو پارتیدا و دەڵێت:"پارتیمان زۆر کەسایەتی کۆمەڵایەتی پشتگیری دەکەن، لە ڕیزەکانیشیدا شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموودی حەفید و موحەممەدزیادی کۆنە ئەندامی پەرلەمان و دەمڕاست و دەستڕۆیشتووە مەزنەکان و مەسعوود موحەممەدی کۆنە ئەندامی پەرلەمان و کەسایەتیی نیشتمانپەروەر، هەن"[6]. هەر ئەو شێخ لەتیفەی، کە ئیبراهیم ئەحمەد هەمیشە قینی لێ بووە و خۆی و هاوبیرانی، بە ئاغا و دەرەبەگ باسی دەکەن و دەیبینن، ماڵەکەی هەمووەدەم داڵدە و پەناگەی خەڵکانی چەپ و توودەیی و کۆمۆنیستان بووە[7] و یەکێک لە سەرانی کۆمۆنیستەکان لە بارەیەوە دەڵێت:"بەرەحمەت بێ تا کۆچی دوایی کرد، دۆستێکی دڵسۆز و خۆشەویستی حزب<مەبەست حیزبی کۆمۆنیستی عێراقە-شەکەل> بوو"[8] و غەنی بلووریانیش لەبارەی هەمان شێخ لەتیفەوە دەڵێت:"ئەو کوردێکی زۆر خاوێن و دڵسۆز بوو"[9]. لە کاتێکدا کە گومان لە چەپایەتیی هەمزە عەبدوڵڵا نەبووە و، باباعەلی شێخ مەحموودیش لە سەردەمی پاشایەتیدا، هەڵوێستی دژی پەیمانی پۆرتسمۆس وەرگرتووە و، لە ئەندامیەتی پەرلەمان وازی هێناوە و، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمیشدا لەبەر نیشتمانپەروەریەتی کراوە بە وەزیر، جەلال تاڵەبانی کە دێتە سەر باسی باباعەلی شێخ مەحموود، زەید ئەحمەد حوسمان، سدیق میران، گیو موکریانی، هەمزە عەبدوڵڵا و پارێزەر موحەممەد سەعید کانیمارانی، گومان لە هەموویان دەکات و، هیچ یەکێکیان بە سەلامەت دەر ناکات و، سەرپاکیان بە پێوەندکردن بە سەفارەتەکانی ئینگلیز و ئەمەریکا و ئەوانەوە و کارکردن بۆیان و خزمەتکردنیان، تاوانبار دەکات و، بە ناپاک و ڕاسپەو و نەیاری مەسەلەی کورد و نیشتمان نێوزڕیان دەکات[10].

---

6 البارزانی..،البارزانی..،ل٢٣٢.

٧ گەورەپیاوێکی دیکە، کە هەمان هەڵوێستی جوامێرانەی لە چەپ و کۆمۆنیستان هەبوو، خوداڵێخۆشبوو موحەممەد سەعید بەگی جاف بوو، کە یەکێک بوو لە بەگزادە جافەکانی کەلار و ڕووناکبیرێکی گەورە و نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزیش بوو. ساڵی ١٩٥٤، کاتێک کە سەروان(الرائد) خوسرویی ڕووزبێ(خسرو روزبه ١٩١٥-١٩٥٨)، کە ئەفسەرێکی کۆمۆنیست و ئەندامی سەرکردەیەتی حیزبی توودەی ئێران و ئەندامی ڕێبەرایەتی ڕێکخراوی سەربازی و زانیاریی ئەو حیزبە، لە ڕێژیمی شا هەڵدێ، لە باشووری کوردستان، موحەممەد سەعید بەگی جاف، لە ماڵی خۆیدا لە "کەلار" داڵدەی دەدات. ڕووزبە، کە تەنێ ئاغای جاف دەیناسی، بۆ ئەوەی خەڵکی دی نەیناسنەوە، نێوی خۆی گۆڕیبوو بۆ "وەستا عەلی". لە ماڵی ئاغای جافدا و لەبەرچاوی خەڵک، وەک خزمەتچی و کارگەرێک کاری دەکرد، وەلێ ئاغای جاف ڕێزێکی تایبەتی بووی هەبوو و کە هەر خۆیشیان بووبایەن جۆرێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرد. هاوینی ١٩٥٤، کە تازە ماڵی ئێمە لە (کەلار)ەوە بارمان کردبووە (شاکەل) و چونکە ئەوێش خاکێکی دەیم و بێئاو بوو، دەبوو بۆ وەدەستخستنی ئاو،بیری ئاو(چاڵاو) هەلکەنین. موحەممەد سەعید بەگی جاف، کە دۆست و هاوڕێیەکی یەکجار نێزیکی باوکم بوو، ئەو "وەستا عەلی"یەی ناردە لای باوکم، بۆ ئەوەی هەم بیری ئاوەکەمان بۆ هەڵکەنێ و هەمیش لەبەرچاوی خەڵک دوورکەوێتەوە و جێگۆڕکێیەک بکات. ئیدی زیاتر لە مانگێک لە ماڵی ئێمەدا بوو و سەرگەرمی هەڵکەندنی ئەو بیرە بوو. من بۆ خۆم لە یادمە، کە پیاوێکی بڕێک بەخۆوە و سوورکار و سەرڕووتاوە و سمێڵ گەورە بوو و، کە چەند بەو کارەشەوە شەکەت دەبوو. لە یادیشمە کە هەندێ خواردنی بەدڵ نەبوو و بەدایکمی دەگوت، کە فلانە خواردن لێنەنێت، چونکە حەزی لێی نییە و نایخوات. بە کوردییەکی شکاوی لەژێر کاریگەریی ئازەری و فارسیدا دەپەیڤی. بۆ نموونە دەنگی "ق" لای ئەو دەبووە "گ". بە "قەیسی" دەگوت "گەیسی". کە بیرەکەش دوای ماوەیەکی زۆر- چونکە گەلەک قووڵ بوو-گەیشتە ئاو، یەکجار خۆشحاڵ بوو. پاش تەواوبوونی کارەکەی گەڕایەوە بۆ ماڵی ئاغای جاف لە کەلار و دواتریش کەلاری بەجێهێشت. مەسەلەی ئەوەی، کە ئەو "وەستا عەلی"یە، خوسرویی ڕووزبێ بووە، ئاغای جاف، کاتی خۆی بۆ باوکمی گێڕابووەوە و منیش لە باوکم بیستبووم. بەهاری ١٩٩٢یش، کە لە ئەڵمانیا بە خزمەتی ئاغای جاف گەیشتم، ئەو باسەی بۆ گێڕامەوە. خوسرویی ڕووزبێ، لە١٠-٥-١٩٥٨ دا لە لایەن ڕێژیمی ئێرانی شاوە شەهید کرا.

8 بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانم،ل٢٢٤.

9 بلوریان..، ئاڵەکۆک..،ل٨١.

10 البارزانی..،البارزانی..،ل١٩٦-٢٢٩.